
# بە قوڵپە قوڵپی ئاوت دەسپێرم

هیوا قادر

21-05-2008



تۆ دەمبەخشیت،
بە ڕۆژە شینەکانم دەسپێریت،
لەگەڵ ژمارەی لێدانەکانی دڵتا،
لەهەورازی عومرا،
لە تونێتی ژیانا من لەیاد دەکەیت،
وەک تێڕوانین لە چوارچێوەیەکی بەتاڵ سەیری وێنەکەم دەکەیت،
هیلاک دەبیت لە نەبینینم،
ماندوودەبیت لە نائامادەیم،
بەمنداڵەکانت دەڵێیت،
ئەو گێژەلولکەیەک بوو بە فرمێسکەکانم خەواندم،
ئەو پیاوێک بوو بە عەیاری سەردەمێک خەونی دەبینی کە لە قتوی هیچ عەتارێکدا نەبوو، ئەو
چی بوو کەنەیتوانی ببێت بە چۆلەکەیەکی تەنها و بفڕێت،
ئەو پیاوێک بوو دەبوو خەون بخوازێت نەک ژن.

خودا بمکوژێت، ئەو، ئەو بکوژێت.
خودا بیکوژێت، من، من بکوژێت.
خودا هەردووکمان بکوژێت،
هەردووکمان خودا بکوژین،
هەمووومان هەمووومان بکوژین،

ئەوە نییە هەمووومان خوداو هەمووومان هەمووومان دەکوژین.
بمبەخشە، من گوناهبارنیم خۆم گوناهبارم،
تۆ گوناهبارنیت خۆت گوناهباریت.
دەمبەخشیت، بلّێ دەمبەخشیت، بۆ ئەوەی لە شەوێکی مانگە شەودا خۆم نەکوژم.

بچۆرە برینەکەی خۆتەوە و هاوارکە دەتبەخشم، تێر تێربگری.
منیش دەچمە حەوشەی تەنهایی خۆمەوە و چۆلەکە لە خۆم دەردەکەم،
وەک دارتوویەک سنگی خۆم دەکوتم و زەرِنەقووتە لە خۆم دەوەرێنم،
هێلانە لە خۆم دەردەکەم،
مار قەف قەف دەئالّێنم لە خۆمەوە،
تاپرِێک بەدلّمدا دەتەقێنم،
تا خودا سوالّ لە من نەکات.
تا کرم لە جەستەم بەربێتەوە،
تا خۆلّم با بیبات.

وەک چرایەک لەبەردەم ئەشکەوتێکدا لەرە لەر بەکزی دەلەرزم و دەگریم،
تۆ مەگری،
عەیارانە پێبکەنە،
لەسەر قولّپەقولّپی ئاو دلّت میقات کە،
کۆشکەکان لە پێکەنینتا دروستکە،
بۆ ئەوەی خۆریش نەبێت بە مانگ.
بۆ ئەوەی ئەستێرە نەبارێت.

من دەتبەخشم، بۆ ئەوەی هەرگیز من و تۆ خودا نەبەخشین.
کە چەند تەنهای کردین.
من زۆر تەنهام،
تۆز لە تانهایم هەلّدەستێ،

غەریبی لە ڕوخسارم،
شڵەژاوی لە چاوم.
من هێندە شاعیرم،
تازە شیعر یارییەم نایا.
هێندە عاشقم خۆکوشتن فریام ناکەوێت.
هێندە دێوانەم کەس ڕووی نایەت وەک شێت دوام کەوێت،
هێندە شەیدام چەپکێک گوڵ چییە بۆ ئەم دەریایەی من تیدا غەرق بووم.
فریام مەکەوە، با بۆنی برینەکەت عەتر فرۆشانی شار نەوروژێنێ،
فریام مەکەوە با خودا فریات نەکەوێت،
با شەیتان نەبێتەوە بە فریشتەکەی جاران،
با ئادەم پەشیمان نەبێتەوە لە وەرگرتنی سێوەکەی دەستی حەوا،
با ژیان بریندارانە بڕوات،
با ڕۆحی ئینسان شەکاوەبێت لەتاو گەڕان بەدوای خۆیدا،
فریام مەکەوە، دەنا لە داخی تۆ خۆم دەکوژم.

من بگریم یان نەگریم چی ئەم ڕۆحە نائارامەی من لەم سەفەرە پەشیمان دەکاتەوە کە سەفەری دەهرێکە بێ گەڕانەوە.
سەفەری من و سەفەری ترێ یەکێکن،
سەفەری من و سەفەری کرم یەکێکن،
تەڕبوونی من و وشکبوونەوی گڵ یەکێکن.
خودا من بکوژێت، خۆم بکوژێت،
خودا تۆ بکوژێت، خۆت بکوژێت،
من و تۆ، خۆم و خۆت خودا ڕزگارکەین لە کوشتن،
شەیتان ڕزگارکەین لەم هەموو غەدرەی بەناوی ئەوەوە دەکرێت.

کە هەناسەکانت دەخەیتەوە سنگی خۆت،
من لەوێ نیم،

من تازە لەوێیەک نابم لەنێوان دوو سنەوبەردا ماچێکم بەیتێ،
تازە من لای تەڕی چیمەنێک نابم بەپێی پەتیی من و تۆ ختوکەی بێت،
لای فوارەیەک ئاو نابم، بەبینینی من و تۆ بگاتە ئۆرگازم،
من زیخێک لە پێم دەردێنم کە هەزاران هەزار ساڵ لەوەوبەر کچێکی پێ خەبەرکراوەتەوە بۆ وادەی ژووان،
یان سەر ئەبرۆی شکاوی ئێسکی ئینسانێکە لە برۆی ئێستای تۆ ئەچێت،
ئەمبەخشیت، یان نا، ئەتبەخشم یان نا،
ئەمە ئەو پرسیارە نییە کە دەبێت بیکەین،
ئێمە هەین
ئێمە هەین و هەین و هەین.
دەهرێکی دوور و درێژە ئێمە هەین.